Revolutionareis Union of Kurdistan

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

Central Committee

کۆمیتەی ناوەندی

**RUK پێشوازیی لەبڕیاری پلینۆمی هەشتەمی PDKI دەکا**

**لێدوانی وتەبێژێ لە کۆمیتەی ناوەندیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

پلینۆمی هەشتەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای مانگی ڕێبەندانی رابردوودا بەڵگەنامەیەکی سیاسیی پەسند کردوە کە لەودا باس لە پێویستیی لێك نزیکبوونەوە و ڕێککەوتنی نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران کراوە. لەو بەڵگە نامەیەدا هاتووە: "*جێی خۆشحاڵی یە کە حیزبی ئێمە لەگەڵ تەواوی ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ئێراندا پێوەندیەکی دۆستانەی هەیە و لەگەڵ هیچیان ناکۆکی و نێوان ناخۆشیی نیە. بەڵام ئەمە ئەگەر نەکرێتە زەمینەی لێك نزیك بوونەوەی زیاتر و ڕێککەوتن لەسەر هێندێ ئامانج و ئوسوڵی هاوبەش و هەنگاونانی وێکڕا بۆ وەدیهێنانیان، بەرهەمێکی لێ بەدەست نایە. ڕێککەوتن لەگەڵ هێزە کوردستانی یەکان دەبێ هەم بناخەیەك بۆ خەباتی هاوبەش لە پێناوی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە وڵاتدا دابنێ، هەم ڕێ و شوێنی روون و جێگای پەسندی هەموان بۆ هێنانە گۆڕی داخوازەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتدا دیاری بکا و هەم بناخەیەك بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری ناوچەی کوردستان لە هەل ومەرجی راگوازتن "ØĹÇÑÔ انتقالی"دا دابڕێژێ. پێویستە هەوڵ بدرێ ئەو ئەسڵە هاوبەشانە ژمارەیەکی چەندی بکرێ زیاتر لە هێز و دەستە و تاقمە سیاسیەکان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە*".

کۆمیتەی ناوەندیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان وێڕای بەبایەخ نرخاندن و پێشوازیی لەم بڕیارە سیاسیەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران باری سەرنجی RUK لەم بارەوە بەمجۆرە رادەگەیەنێ:

١- RUK بە پەیڕەویی لە بیر و ئەندێشەی داهێنەرانی مێژوویی بیری رەسەنی نەتەوەیی و ئەزموونی خەباتی دوور و درێژی نەتەوەکەمان، یەکگرتن و پشت بە یەك قایمکردنی کوردان، بە مەرجێکی بنەڕەتی رزگاری و بە ئامانج گەیشتنی دەزانێ.

٢- RUKبە هەناسەی تەبایی و هاوکاری لەگەڵ هێز کوردستانییەکان دامەزرا و پێی نایە گۆڕەپانی خەباتەوە. راگەێندراوی پێکهاتنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان کە لە ٣٠ گوڵانی ١٣٧٠ی هەتاوی-٢٠مایسی١٩٩١دا بڵاو بووەوە، بەمجۆرە باس لە مەرجەکانی سەرکەوتنی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی گەلەکەمان دەکا:

"*ألف- پێکهینانی بەرەی شۆڕشگێڕیی کوردستانی لە هەموو حیزبەکان، گروهەکان و کەسایەتی یە خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ئێران کە بۆ روخاندنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و*

*وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنوس بۆ گەلەکەمان (لە هەرکام لە شێوەکانی سێ جۆرەدا) خەبات دەکەن.*

*ب- رێکخستنی هاوبەشی هێزی پێشمەرگە لە یەك ئۆرگانیزمدا کە وردە وردە تایبەتمەندیەکانی ئەرتەشێکی رێك وپێکی خەڵکی وەخۆبگرێ*".

٣- زەروورەتی وەلانانی ناکۆکی و ئاڵۆزی لە نێوان حیزب و رێکخراوە کوردستانیەکان و هاوکاری و لێکنزیك بوونەوە و کۆوەبوونیان لە دەوری پلاتفۆرمێکی سیاسی و حەولدان بۆ پێکهێنانی قەوارەیەك بۆ هاوکاری و هاواهەنگی وەك ئەسڵێکی بنەڕەتی رێبازی **RUK**، لە ١٢ساڵی رابردوودا لە راگەیاندن و ئەدەبیاتی سیاسیدا بەردەوام باسی لێوەکراوە. هەروەها بە کردەوە لە کوێ بەستێنێك بۆ هاوکاری و پێکەوە بوون دروست بووبێ، **RUK** لەوێ ئامادەبووە و چەندین جار دەسپێشخەریی کردوە. **RUK** تا ئێستاش تەنیا هێزی کوردستانییە کە لەسەر پێویستیی بەرەیەکی کوردستانی پێدادەگرێ.

٤- **RUK** لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مەرجی سەرکەوتنی ئەو هەنگاوانەی لەم پێناوەدا هەڵدەگیرێنەوە، تووڕدانی رۆحی پاوانخوازی و تەسکبینی سیاسی، زاڵ کردنی رۆحی دێمۆکراتی و بەشداری هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی حازر لە گۆڕەپانەکە لە قسەو باسەکانی پێوەندیدار بە رێککەوتن و دارشتنی پلاتفۆرمی هاوکارییە.

٥- **RUK** بەش بە حاڵی خۆی، ئامادەیی دەردەبڕێ بۆ بەشداریی چالاکانە لەهەر حەول و تەقەلایەك کە بۆ نزیکبوونەوە و رێککەوتنی حیزب و رێکخراوە کوردستانیەکان هەڵدەگیرێنەوە و داوا لە هەموو لایەنەکانی دیکەش دەکا بەشداری لەو تێکۆشانەدا بکەن و هەرچی زووتر وتووێژەکانی دارشتنی پلاتفۆرمێکی سیاسی و پێکهێنانی قەوارەیەك بۆ هاوکاری و خەباتی هاوبەش دەسپێبکەن.

**وتەبێژی لە کۆمیتەی ناوەندیی**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**١٢/خاکەلێوەی ٢٧٠٣ی کوردی**

**١/ ئاوریلی ٢٠٠٣ی زایینی**

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت